# ئەو ئافرەتانەی کە بەبێ لەبەر هۆی



✿مەبەستمان لە هۆی تایبەتی تەڵاق لێرەدا ئەوەیە کە هەندێکجار ئافرەت بەبێ خواستی خۆی دەکەوێتە دۆخێکەوە کە لە دوارۆژدا رەنگە ببێتە مایەی نەهامەتی و دەرد و بەڵا بۆی و زۆرجاریش رووبەرووی تەڵاقدانی کردۆتەوە. جائافرەت لەکاتی ژیانی هاوسەریدا هەوڵدەدات پابەندبێت بەمەسەلە زۆر تایبەت و هەستیارەکانی ژیانی خێزانی نێوان خۆی و مێردەکەی، بەڵام لەبەرامبەردا لەوانەیە پیاو وانەبێت..بۆ نموونە ئافرەت هەبووە

**(نوخشە سەعید) کە ژنێکی کەڵەگەتی زێدە جوان بوو، لەڕاڕەوی بەردەم هۆڵێکی دادگادا کاغەزێکی لولدراوی بەدەستەوە گرتبوو چاوەڕێی ئەوەبوو بریکارە پارێزەرەکەی بێت و بچنە دادبینییەکەیان، دوای ئەوەی وەك فزولیەتێکی رۆژنامەنووسیانە لێی نزیکبووینەوە، دوای هەندێ قسە و باسی ئاسایی، گفتوگۆمان لەگەڵی دامەزراند، دەرکەت ئەورۆژە دوارۆژی دادبینییەکەیەتی و بەیەکجارەکی لە مێردەکەی جیادەبێتەوە. هۆی جیابوونەوەکەشی وەکو بەخۆی پێی وتین کە سکی دووەمی بووە منداڵبونەکەی لێی وەزەحمەت کەوتووە و پزیشك پێی وتووە دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێت، دەنا بەسەر منداڵبوونەوە دەمرێت، ئەویش ناچاری نەشتەرگەری بووە. با لێگەڕێین بەخۆی باسەکەی خۆیمان بۆ باس بکات (نوخشە) بەمجۆرە قسەی کرد و وتی:** تا منداڵی دووەمم بوو دووجاران نەشتەرگەری کرام. لەهەردوو جاریشدا سکم هەڵدڕا و نەشتەرگەری گەورە کرام. پاش نەشتەرگەری دیمەنی سکم تەواو شل وشێوا، وایلێهات مێردەکەم سەرجێی لەگەڵ تەرك کردم و دەیوت بێزم لێت دەبێتەوە. پاشان کەوتە بیانوو گرتن و سەری زمانی و بنی زمانی ئەوە بوو دەیوت ژن دێنم، ئاخیرییەکەی کردییە راستی و بەدزی ژنێکی تری هێنا، منیش کە ئەوەم زانی وتم پەیمان بێت لەمکارەت خۆش نەبم، پارێزەرم بۆ خۆم گرت، ئەویش پێی وتم کە دەتوانم شکاتی لێبکەم هەم حەقی خۆمی لێوەرگرم و هەمیش بەگرتنی بدەم، ئەویش کە بەمەی زانی و تێگەیشت کە تووشی کێشە و گرتن دەبێت ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەموو جۆرە رێککەوتنێك هەر بەو مەرجەی شکاتی لێنەکەم و بەهەرحاڵ لەسەر ئامۆژگاری پارێزەرەکەم بڕیارمدا بەچەند مەرجێکی وەك ناو ماڵ و خانووەکە و منداڵەکانیشم و بژێوی مانگانەی خۆم و منداڵەکانم دەست بەرداری بم. ئەو ئەوەندە خۆپەرست و خۆپەسند بوو ئۆباڵی شێوانی سکمی خستبووە ئەستۆی خۆم..

**(بنار موحسین)ی تەمەنی بیست و چوار ساڵە تەنیا یەك ساڵ لای پیاوەکەی مایەوە و تەڵاقی دا، هۆی تەڵاقدانەکەشی ئەوە بووە گوایە (بنار) حاڵەتی ساردی سێکسی هەبووە، ئەو بەخۆی دەڵێ:** لەمنداڵییەوە خەتەنە کرام، ئەمەش زۆر کاری تێکردم و لەژیانی هاوسەرێتیمدا کێشەی بۆ دروستکردم، تا دواجار من و هاوسەرەکەم لێکجیابووینەوە. لەراستیدا بیرکردنەوەی پیاو لەم لایەنەوە زۆر جیاوازترە لەژن، زۆر شت بەهەند وەردەگرێت، لەوانەیە رۆژێك ژنەکە هەربیری لێنەکردبێتەوە، ژنیش جاری واهەیە لەبەرامبەر هەستەکانی پیاودا ساردی دەنوێنێت.

**لەرووی یاساییەوە ئەو بەهایانەی پیاو وەك چەکێك بەکاری دەهێنێت بۆ جیابوونەوە لەژنەکەی بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکو دەبێت بەڵگەدار و بڕوا پێکراو بن، هەروەك گۆنا حەمەسەعید مەردان-ی پارێزەر لەدادگای سلێمانی لەمبارەیەوە دەڵێت:** ئەو کەیسانەی تایبەت بەجیابوونەوەی ژن و پیاو دێنە دادگا هۆکاری جیابوونەوەیان جیاوازە، هەرچەندە جاری وا هەیە لەسەرەتادا پێش ئەوەی بێنە دادگا پیاوەکە لەرووی شەرعەوە تەڵاقی داوە، بەڵام لەرووە یاساییەکەوە هەروا ئاسان نییە، بەڵکو دەبێت داواکەی پەسەند و بڕوا پێکراو بێت، ئەگەر پیاوێك بڵێت لەسەر مەسەلەی ساردی سێکسی لەژنەکەم جیا دەبمەوە لەبەرئەوەی پێشتر خەتەنەکراوە یاخود هەرشتێکی دیکە، لەبارەی جەستەی ژنەکەیەوە باس بکات، بەهەند

# خواست و ئیرادەی خۆیان و تایبەتی) تەڵاق دراون

وەرناگیرێت تا بەڵگەی تەواوی وەك راپۆرتی پزیشکی نەهێنێت و تیایدا ئاماژە بەوە نەکرێت کە ئەندامێکی جەستەی ئەو ژنە بەتایبەت لەرووی سێکسیەوە کێشەیەکی هەیە یاخود منداڵی نابێت، ئەگەرنا دادگا داواکەی قبوڵ ناکات و رەفزی دەکاتەوە. ئەگەرچی ئەو ژنە بەبێ خواستی خۆی و بەهۆی نەریتی کۆمەڵگەشەوە خەتەنە کرابێت یان تووشی نەخۆشیەك بووبێت و منداڵی نەبێت، یان جەستەی بۆنی بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە فاکتەری جیابوونەوەی بێت.

**(فریشتە عەزیز) یەکێکە لەو ئافرەتانەی زۆر راشکاوانە باس لەوە دەکات** نەریتی کۆمەڵگە بۆتە هۆکاری جیابوونەوەی، لەبەرئەوەی خەتەنە کراوە و لەئێستادا تووشی ساردی سێکسی هاتووە، هەرچەندە خاوەنی دوو منداڵە، بەڵام نەیتوانیوە لەگەڵ مێردەکەیدا مومارەسی سێکسی بکات و مافی تەواوەتی بداتێ، جگەلەوەش خۆشی هیچ چێژێکی لێوەرنەگرتووە، لەئەنجامدا پیاوەکەی نیازی هێنانی ژنی دووەمی هەبووە، ئەمیش بڕیاریداوە کە جیابێتەوە لەمێردەکەی، بۆیە لەبەردەم دادگا دەڵێت ناگونجێین.

**هەروەك پارێزەر (گۆنا حەمەسەعید) دەڵێت:** لەم حاڵەتانەدا ئەگەر داوای جیابوونەوە بکەن و نەڵێن لەسەر ساردی سێکسییە دادگا داوای قسەیەکی باوەڕپێکراو دەکات، لەوکاتەدا ژنەکەش پشتڕاستی قسەی مێردەکەی بکات، ئەوا داواکەیان قبوڵ دەکرێت، چونکە هەردووکیان رازین بە جیابوونەوە، لەبەرئەوەی مەسەلەی گونجاندن و قەناعەت پێکردن لەتوانای کەسێکی دیکەدا نییە بتوانێت بیانگونجێنێت، لێرەدا مەسەلە راستەقینەکە دەشارنەوە.

## کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی ئەمجۆرە تەڵاقە لەسەر ژن

لایەنی دەروونی ژنی تەڵاقدراو بەبێ خواستی خۆی لەوپەڕی نائارامی و بێزاریدایە، بەتایبەت بۆ مەسەلەیەك کە هیچ خواست و دەسەڵاتێکی خۆی تێیدا نەبووبێت. بۆ شیکردنەوەی حاڵەتە دەروونییەکان: دەروونناس (نیاز شوکری) باس لەدەرەنجامە دەرونییە خراپەکانی دەکات کە چەند کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و توانای جەستەی ئەو ژنە دادەنێت، ئەگەر بەخواستی ژن بێت، پێدەچێت ئەو حاڵاتانە تەندروست نەبن، بەڵام دوور لەخواستی خۆی لەناخەوە تووشی داڕووخانی دەروونی دەبێت، دەبینین زۆرێك لەو ژنانە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن یان ئاگر لەجەستەیان بەردەدەن، کۆمەڵگەی ئێمەش ئەوەندە رۆشنبیریی نییە کە ژن و پیاو رابێنێ راستەوخۆ قسەلەسەر ئەو مەسەلانە بکەن کە بوونەتە کێشەو لەدەسەڵاتی خۆیاندا نییە، هەموو گرفتێك نەخۆشی یان دەروونی بێت چارەسەری هەیە، بەڵام بەداخەوە لەم کۆمەڵگەیدا ئاوڕ لەو شتانە نادرێتەوە و راستەوخۆ داوای تەڵاق دەکرێت.

ئاستی رۆشنبیری و نزیکی لەنێوان هەردوو هاوسەر بەو مانایەی بتوانن گفتوگۆ بکەن و زیاتر لەیەکتر بگەن، کلیلی چارەسەرکردنەکانە، بە پێچەوانەوە لەناو هاوسەرەکاندا کەموکوڕی یەکێکیان دەبێتە خاڵێك بۆ لێکجیابوونەوە، بەبێ ئەوەی بزانرێت تا چەند ئەو کەسە بەخواستی خۆی بووە، لەهەموو حاڵەتێکدا قورسایی بۆ ئافرەتەکە دەبێت، بەڵام ئەگەر بە بوێرانە لەدادگا قسە لەسەر مافەکانی خۆی بکات، هەرگیز هاوسەرەکەی ناتوانێت پێشێلی مافەکانی بکات.



**دایکی زیاتر لەمنداڵێك بووە، بەڵام دووچاری رووداوی وەك سووتان بۆتەوە و لەشولاری کە پێش رووداوی سووتانەکە زۆر جوان و رێك و لووس بووە، کەچی دواتر شێواو بریناوی بووە، یان بەهۆی نەشتەرگەرییەوە دیسان جەستەی چرچ ولۆچی تێکەوتووە و شێواوە کە ئەمەش هیچ گوناهێکی ئەوی تێدانییە، لەسەر ئەمە دووچاری تەڵاق و دەرکردن یان لە باشترین حاڵەتیشدا فەرامۆش کردن.. با لەمیانی ئەم ریپۆرتاژەدا ئەم پرسە بەسەر بکەینەوە..**



# دانپێنانەکەی (هێڤی) لەیەکەم شەوی بووکێنیدا..!!

کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٩١)
٢٠١٠/٧/٢٦
٥٠

## پاش دووەڵییەکی زۆر ئاخیرییەکەی (هێڤی) بڕیاریدا نهێنییەکەی خۆی بدرکێنێ!

شەو کاتژمێر گەیشتبووە دووی دوای نیوەشەو هێڤی هەر لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەوە دابوو ئاخۆ بڕیار بدات، نەدات، نهێنییەکەی ئاشکرا بکات، یان هەر بەیەکجارەکی واز لە بیرۆکەی مێرد کردنەکەی بهێنێ، دۆشداما بوو بڕیارێکی وەها بڕیارێکی ترسناک و چارەنووسساز بوو . ئاخر ئاسان نییە نهێنی وەها مەترسیدار و گەورە ئاشکرا بکەی، نەیدەزانی چیبکات !! دەستی دایەوە مۆبایلەکەی بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ (برزۆ)ی خۆشەویستی بکات، مۆبایلەکەی کردەوە و خستییە سەر ناوی برزۆ و کرتەیەکی لەسەر کرد و چەند چرکەیەك وەستا و هەر زوو کرتەی ڕەتکردنەوەی لێدا و پێوەندییەکەی پچڕاند . پتر لە دە جاران ئەو کارەی کردبوو .هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دڵی زۆر تووند بوو . بڕیاری دا بخەوێت، لە دڵی خۆیدا وتی : دەی خۆ بەو یەك دوو ڕۆژەش چ نابێت با یەك دوو ڕۆژێکی تریشی پێبچێت ئینجا بێ سێودوو هەرچیم هەبووە ونەبووە، چیم لێ ڕوویداوە بە ڕاشکاوی و بەبێ دوودڵی هەمووی پێدەڵێم ئەوسا ئەویش خۆی و خوای خۆی . چەرچەفەکەی بەخۆیدادا و چاوەکانی نووقاند، چەند خولەکێکی پێچوو، هەندێك خۆی وەرگێڕا و ئەمسەر و ئەو سەری کرد نەخێر خەوی چی تازە خەو لەچاوی تۆراوە .نووکەیەکی بۆ (هەتاو)ی دەستەخوشکە هەر نێزیکەکەی لێدا، بەڵکو قسەیەکی لەگەڵدا بکات و بەگفتوگۆیان بگاتە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە . دوای چەند خولکێك وەستان ئەویش وەڵامی نەبوو، زانی نووستووە . لەولاشەوە هەفتەیەك زیاتر بوو، کە برزۆ هەموو ڕۆژ لێیدەپرسی کە چیبوو وەڵامی داواکەی ناداتەوە، برزۆ پێیدە ووت : هێڤی من یان زەواج لەگەڵ تۆدا دەکەم یان بەژیانم ژن ناهێنم . هێڤی ئەو شەوە تەواو وەڕس ببوو، ناچار لەدڵی خۆیدا دوا بڕیاری داو کۆتایی بەو ململانێییە دەروونییەی هێنا و چارەنووسی خۆی دایە دەست قەدەر.

### شەوی بووکێنی و بەسەر هاتەکەی هێڤی

بەیانی ڕۆژی دواتر دەوری کاتژمێر دە و نیو بوو، کە لەگەڵ تەپەتەپی دەرگای ژوورەکەی وەئاگا هات و هەڵسا دەرگاکەی کردەوە، بینی دایکیەتی، دایکی سەرنجێکی پڕ دیقەتی لێدا و پێیوت کچم چییە ئەوە بۆچی نەدەرگا دەکەیەوە و نەلە خەویش هەڵدەستی ؟ تۆ دەزانی کاتژمێر چەندە، کەی دەوام بەمشێوەیە دەبێ، هێڤی سەیرێکی کاتژمێرەکەی سەر دیوارەکەی کرد و دەستی دایە مۆبایلەکەی و تەلەفۆنێکی بۆ هەتاو کرد دوای کەمێك هەتاو وەڵامی دایەوە، پاش چاك و چۆنی داوای لێکرد لەفەرمانگە مۆڵەتی بۆ وەربگرێت . ئینجا تەلەفۆنی بۆ برزۆ کرد و بڕیارەکەی خۆی پێوت . ئێوارە لەگەڵ برزۆ یەکتریان دیت و یەك دوو کاتژمێرێك پێکەوە بوون و مەسەلەی داخوازی کردن و مارە کردن و ماڵ و حاڵ و زۆر شت تریان براندەوە . . دوای هەفتەکە هەموو شتێك تەواو بوو، داخوازی کرا و خێزانی هەردوولا پێکهاتن و ئاهەنگی مارەبڕینیش بەخۆشییەوە ساز کرا و ڕۆژی پێنجشەمیش بۆ ڕۆژی گواستنەوە دیاریکرا . بەدرێژایی ئەو چەند ڕۆژە برزۆ هەر لەنێو خۆشی خۆیدایە و ئەویش غەرقی نێو خەیالاتی خۆی ببوو . ڕۆژی پێنجشەمە هات و ماڵی زاوا هێڤیان بردە ساڵۆن و وەك بووك ڕازاندیانەوە، لەنێو کەژاوەی خۆشی و بەزم و سەفایێ، زاوا هات و دەستی بووکێی گرت و چوونە ناو ئاهەنگی هەڵپەڕکێ . تا بەرەبەری ئێوارێ، بەزم و شایی بەردەوام بوو . کە ئاهەنگ گێڕان تەواو بوو، ئیدی هەردووکیان وەك بووك و زاوا چونە ئەو ئوتێلەی کە برزۆ پێشوەخت گرتبووی . شەو تا درەنگ وەختێك بە یەکەوە دانیشتن و خەریکی قسان بوون و هێڤی بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە و لەدڵی خۆیدا دەیوت : خوایە چۆنی پێبڵێم چۆن و لەچییەوە دەستپێبکەم، نیگەرانی و نا ئارامییەکەی هێڤی زیاتر و زیاتر ببوو، شپرزە و ڕەنگ پەڕیو بوو، ئەو سەر و سیما تێکچوونەشی وردە وردە و زۆر بەئاشکرا لە سەری دیار دەکەوت .برزۆ زانی کە هێڤی زۆر شپرزەیە، هێڤیش هەستی بەوە کرد کە خەریکە وا برزۆ بەحاڵ وباری دەزانێت، لەدڵیشی دەیوت : هەیهوو هویهوو، من لەچ حاڵێکم و ئەویش لەچ حاڵێکە، من لەترسی چییەوە شپرزەم ئەویش وا دەزانێ من لەترسییەوە شپرزەم . تەماشایەکی سەر و سیمای برزۆی کرد و ووتی : برزۆ من و تۆ دەمێکە بەدڵ و بەگیان یەکترمان خۆشدەوێت، خۆشەویستیم بۆ تۆ، سنووری نییە . برزۆ خەریکبوو قسەیەك بکات، بەڵام هەر زوو هێڤی قسەکەی پێبڕی و ووتی : تکات لێدەکەم، ئەمشەو تا قسەی خۆم تەواو نەکەم، تۆ هیچ شتێك مەڵێ . من دەمەوێ بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە ئینجا دوای ئەوە خۆت و ویژدانی خۆت حوکمم بەسەردا بدە . برزۆ سەیرێکی کرد و ئەو قسانەی هێڤی پێ زۆر سەیر و سەمەرە بوو، چیبووە، تا بیەوێ بۆمی بگێڕێتەوە . لەو بیرکردنەوانەدا بوو کە، هێڤی دەستی بەقسە کردەوە و زنجیرەی بیرکردنەوەی پچڕاند، هێڤی ووتی : خۆت دەزانی من لە زانکۆی بەغدا قوتابی بووم، سێ ساڵ پێش ئێستا کە لە پۆلی چوار بووم، کوڕێکم ناسی و پەیوەندییەکمان لە نێواندا دروستبوو، کوڕە بەڵێنی پێدام کە بێتە خوازبێنیم، هاتە ماڵیشمان کە جارێ باوکم هێشتا لە ژیاندا مابوو، ڕەزامەندی باوکمی وەرگرت، پاش دوو سێ مانگ هاتە خوازبێنیم، و مارەی کردم، قەول و قەرارمان وابوو هەر کە لە تاقیکردنەوەکانی کۆلێژ تەواو بوین ئاهەنگی گواستنەوەمان ساز بکەین . وا بوو ڕۆژانە پێکەوە پیاسەمان دەکرد، چەند جارێك بەتەنها دادەنیشتین و ئەو پەڕەکەی دەستی دەگرتم و هیچیتر . بەڵام جارێکیان کە ڕۆژی پێنجشەمە بوو، بردمی بۆ بەشی ناوخۆیی خۆیان، دەرفەتی وەرگرتبوو، چۆن ئەوەیان نازانم، بەهەرحاڵ دوای دانیشتن و قسە کردن لێمهاتە پێشەوە و دەستبازی لەگەڵ کردم و منیش چەندی هەوڵمدا ڕێگری لێبکەم، سوودی نەبوو نەمتوانی، ئەو هەر بەردەوامبوو لە دەست بۆ بردنم، ئاخیرییەکەی منیش تەسلیمی بووم و ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا . کاتێك وەئاگاتمەوە دەبینم بۆخۆم جلم لەبەر داکەندراوە و نیوە ڕووتم، چاوم بۆ ئەویش گێڕا نەکەوتەبەرچاوم، شپرزە بووم، ئاوڕێکم بەملا وئەولادا گێڕا کاغەزێکی ئەوم بەرچاو کەوت کە نوسیبووی : من ببوورە لەوەی کە ڕوویدا شەیتان پێکردم، بەڵام ناتوانم بتخوازم من تۆم تەڵاق دا . کەوتمە گریان و لە خۆدان لە شەرمی دایکم مەسەلەکەم داپۆشت و کە گەڕامەوە بە داکمم ووت من و ئەو لێکجیا بووینەوە چیدی نایەتەوە بەملایەدا . دایکم زۆری لە سەر ڕۆیی، بەڵام مەسەلەکە بڕابۆوە . ئەمە ئەو نهێنییەم بوو، کە دەمویست بۆتی باس بکەم . برزۆ چاوی پڕ ئاو ببوو، نوتقی نەما بوو قسە بکات، تەماشایەکی هێڤی کرد و هەڵسا جگەرەیەکی داگیرساند و جلەکانی لەبەر کرد و چووە دەرەوە ...

# ئەوكاتەی دایک تووڕەیی خۆی لە...

**دایك وەك كاراكتەرێكی سـەرەكی خێزان بەدەر لەكارەكانی بەڕێوەبردنی خێزان، ئەركێكی قورستری لەئەستۆیە، ئەویش پەروەردە و فێركردنی منداڵەكانیەتی بەباشترین شێواز. منداڵ كاتێك زۆربەی كاتەكانی لەگەڵ دایكیدا بەسەر دەبات، دەبێت دایك ئەو كاتانـە بقۆزێتەوە بۆ گەیاندنی پـەروەردەیەكی دروسـت بەمنداڵەكانی، بەڵام زۆرجار دایك زمانی گفتوگۆكردنی لەگەڵ منداڵەكانی بەجنێودان دەبێت لەكاتێكدا ئەم جنێو و وتە ناشـیرینانە بۆ خـودی منداڵەكە نییە، بەڵكو بۆ باوكی منداڵەكانیەتی واتە بۆ هاوسەرەكەیەتی، پێدەچێت لەكاتی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی هاوسەرەكەی هەمان وشە بەكاربهێنێتەوە، ئەمەش چەندین فاكتەری دەروونی و كۆمەڵایەتی لەپشتەوەیە، بۆ قسەكردن لەسەر تەوەرەكەمان**



جیا

بەڕێز دڵشـاد غەفوور بەڕێوەبەری **خانەی سـمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵان دەڵێـت:** كاتیك منـداڵ دەكرێتە پردێك لەنێـوان گواسـتنەوەی گـرژی و ئاڵۆزییەكانی دایك و باوك كارەساتێكی ئاسـتەنگە، چونكـە دنیـای منداڵ دنیایەكـی پڕ لەجوانی و سـەرچاوەی راسـتی و خۆشەویسـتییەكانە، بەڵام گرنگـە دایك و بـاوك درك بەوە بكەن ئەگەر مامەڵە كردنیان لەگەڵ یەكتری تا ئاسـتێك نەشـیاو بوو، نابێت بەهیچ شـێوەیەك منداڵ بخرێتە ئـەو جەنگە دەروونییەی نێوانیان.

جنێودانـی دایـك بۆمنداڵەكانـی راسـتەوخۆ كاریگەری لە سیسـتمی پـەروەردەو وەرگرتنی زانیاری لەسـەر منداڵ دەبێت، ئەمە بۆچوونی مامۆستا ئومێـد محەمەد-ە،كە دەڵێت: كاتێك دایك جنێو بەهاوسـەرەكەی دەدات چەنـد رێگەیـەك دەگرێتەبەر، یەكێـك لەوانـە لەرێگـەی منداڵەكانیەوەیەتـی، لێرەدا ئەو وشانە بەكاردەهێنێت كەراستەوخۆ بۆ خودی هاوسەر یان بنەماڵەی هاوسەرەكەیەتی، بێگومان ئەگەر راسـتەوخۆ پێی بڵێت، لەلایەن هاوسەرەكەی تووشی گەورەترین بەرپەرچدانەوە دەبێت، لەمەشەوە گرفـت و كێشـە لەخێزانـدا بەرجەستە دەبێت.

**هـاوكات خاتـوو چیـا**

**عەبدولقـادر چالاك لەبـواری پەروەردە و كۆمەڵگەی مەدەنیـدا، لەمبارەیەوە دەڵێـت:** لەكۆمەڵگەكەمانـدا دیاردەیەكی ناشیرین دەبیندرێت، ئەویـش جنێودانـی دایكە بەهاوسـەرەكەی لەرێگەی منداڵـەوە، دایـك وا بیردەكاتەوە ئەگەر ئەو جنێو و وشە نا بە جێیا نـە بەهاوسەرەكەی بڵێـت، ئەوا



# ...ێردەکەی بەمنداڵەکەی دەردەبڕێت

پێیوایە ئەو رقەی لەدڵیدا هەڵیگرتووە لەبەرامبەر هاوسەرەکەی دەتوانێت بەتاڵی بکاتەوە، یاخود زۆرێک لەدایکەکان پێیانوایە بەجنێودان خزمەتێك و دڵسۆزییەك بۆ منداڵەکانی نیشان دەدات، لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەبێتەهۆی روشاندنی کەسێتی منداڵ و هاوسەرەکەی بەپلەی یەکەم، لەبەرئەوەی لەبەرچاوی منداڵەکانی لەهەیبەت و جوانیەکانی دەدات. دایك وەك جوانترین بوونەوەر دەبێت پارێزگاری لەکەسێتی خۆی بکات، چونکە لەئێستادا بیرکردنەوەکان جیاوازن، منداڵ زوو هەست بەو گرفت و نائارامی دەروونی دایك و باوك دەکات، کاتێك دایك جنێو بە باوکیان دەدات و ئەمان دەکات بەهۆکار، زوو تێدەگەن و پێدەچێت لەدواجاردا وەڵامی زۆر توندی بدەنەوە، یاخود بەتێپەڕبوونی کات هەمان ئەو جنێوانەی بەمنداڵەکە دراون، پێی دەڵێتەوە.

**لەبەرامبەردا مامۆستا ئومێد دەڵێت:** خێزانی کوردی ناتوانێت سیستمێکی باش لەخێزاندا پەیرەو بکات، بۆیە دەبینین ژن لەگەڵ مێردەکەی گرفتی هەیە، یان لەمنداڵەکانی دەدات یان جنێویان پێ دەدات، هاوکات هاوسەرەکەشی ئەم رەفتارانە پەسەند ناکات. دەبێت دایك ئەوە رەچاو بکات ئەو جنێودانە بەباوك چەندە کاریگەری لەسەر دەروونی منداڵ دروست دەکات، هەرگیز پێی ناڵێت.

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ئەوانەی لەقوتابخانەکان و باخچەی ساوایاندا کاردەکەن، دەرەنجامەکانی جنێودانی دایك دەخەنەروو، هەروەك خاتوو رووناك عوسمان دەڵێت منداڵ ئەو جنێوانەی بەیەکتر دەڵێن لەدایك و باوکەوە بەتایبەت لەدایکیانەوە گوێبیستی بوونە، هەر ئەو وشانە دەڵێنەوە کە بەکەسێتی باوکیان وتراوە، ئەگەر رەگەزی نێر بێت بەخراپتر دەیانڵێتەوە، هەمیشە دایك کەمتر خۆی رادەگرێت و ئارامگرتنی بۆ کێشەو گرفتی خێزان کەمترە، بۆیە هەرئەویش زیاتر لەکاتی تورەییدا جنێو دەدات.



**دڵشاد غەفوور پێیوایە لایەنی دەروونی منداڵ نایێت بەهەند وەرنەگیرێت. بەهەمان شێوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت:** منداڵ خۆی لەخۆیدا هەموو دەروونی پڕ لەپرسیار دەبێت و دەبێت وەڵامیان بۆ ئامادە بکەین، بەڵام شیاو و گونجاو نییە پرسیارگەری لەمنداڵان دروست بکەین. ئەرکی سەرشانی دایکە کە منداڵ نەکاتە پردێك بۆ گواستنەوەی جنێوەکانیان و ئاخافتنە ئاڵۆزەکان کە خۆی حەشارداوە لەدڵی ژن بۆ مێردەکەی و نازانێ بەچ جۆرێك ئاراستەی هاوسەرەکەی بکات، لێرەدا منداڵەکەی دەکاتە ئاوێنە یاخود سمبولێك بۆ دەرچوونی وشەکانی ناو دەروونی، نازانێ چۆن خۆی خاڵی بکاتەوە بۆئەوەی ئاسوودەیی خۆی پیشان بدات بەرامبەر بەهاوسەر، بەڵام (منداڵ) گوناهی چییە تۆی دایك پەلکێشی دەکەیت بۆ ئەو جەنگە دەروونییەی نێوان خۆت و هاوسەرەکەت. ئەرکی سەرشانی دایکە پەروەردەیەکی تەندروست بۆ مندڵەکانی بخولقێنێ نەك منداڵ پەلکێش بکات بۆ ئەو قەدەرە و منداڵ بەرەو ئاقارێکی نادیار و ناتەندروست پەروەردە بکات.

دەتوانین بڵێین ژیانی ناوخێزانەکان هەر ئەندامانی خێزان دەتوانن خۆشگوزەرانی تێدا بەدی بهێنن، بەڵام کاتێك سوود لەو ژیانە وەرناگرن و بەهەڵە بیری لێدەکەنەوە، دەرەنجامەکانی لەکردەوە و ئاکارەکانیاندا رەنگ دەداتەوە، دایك لەگەڵ مێردەکەی گرفتێکی هەیە و ناتوانێت لەگەڵیدا گفتوگۆیەك سازبکات، هەوڵدەدات ئەو بەشێوەیەکی دیکە بۆچوونەکانی بگەیەنێت یاخود هەوڵی سووککردنی بدات لەبەرچاوی منداڵەکانی، بێگومان دەبێت داهاتووی پەروەردە و ژیانی خێزانێك چی بەسەر بێت کە دایك بەو چەشنە پەروەردەیان بکات.



داشا غەفور



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com